پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

# بنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە

## پێشـــەکی

چەمکی هەڵبژاردن, چەمکێکی نوییە لە عێراقدا ئەمەش لە ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی دەسەلاَت لە لایەن دیکتاتۆرەوە,لەبەر ئەوە گەلی عێراق بە لە مێژویەکی دورو درێژەوە پیادەی بچوکترین مافی سیاسی خۆی نەکردوە, لەوەش زیاتر دەسەلاَتی دیکتاتۆری چەمکی هەڵبژاردنی شێواندوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنە کارتۆنیەکانەوە کە ئەنجامی دەداو ئەنجامەکانی سەرکەوتنی بەڕێژەی (٩٠-١٠٠٪).دەردەچوو.

هەڵبژاردن بە تاکە ئامراز دادەنرێ کە ولاَتان ڕێککەوتون لە سەری بۆ گۆرانکاری لە دەسەلاَتدا, چونکە هەڵبژاردن وادەکات کە دامەزراوە هەلبژێراوەکان گوزارشت لە ڕای زۆرینەی گەل بکات , وە دوو بارەبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەو دامەزراوانە پاش ماوەیەك (کە یاسا دیاری دەکات) وا دەکات کە گەل چاودێری ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت و شارەوانیەکان و دامەزراوە هەڵبژێراوەکانی تربکات, لەبەر ئەوە زۆر گرنگە گەلی عێراق دەنگی خۆی هەبێت لە داهاتووی عیراقدا ,چونکە هەڵبژاردن باشترین هۆکارە بۆ ئەم بەشداریکردنە .

## لەبنەما سەرەکیەکان

## بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە

هەڵبژاردن مانای بڕیاردانی کەسێك لەهەڵبژاردنی کەسێکی دیاری کراو یان کۆمەڵێك یان حزبێکی سیاسی دیاری کراو, ئەویش بەمەبەستی بەرجەستەکردنی ویستێکی ئازادانەو بەشداریکردن لەداڕشتنی بڕیارە باڵاکاندا بەشداریی کردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا پێویستیەکی گرنگە چونکە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەو کەسانە دیاری دەکرێن کە نوێنەرایەتی گەل دەکەن و بڕیاری سیاسی دەردەکەن, لەرێگەیشیانەوە سیاسەتی دەوڵەت دادەڕێژرێت. هەروەها دەسەڵاتی یاسادانان دیاری دەکرێت کەژیانی تاکەکان رێك دەخات. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر تاکەکان بەشداریی بکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەبێ دوودڵی بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن.

ئەتوانین بنەما سەرەکیەکان کەلە وڵاتانی دیموکراتدا دانی پیادا نراوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە دابەش بکەین بەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١-ئەنجوومەنێکی سەقامگیری چاودێر بەسەر هەڵبژاردنەوە (کۆمسیۆن)/ لە مەرجە بنەڕەتیەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی بوونی ئەنجوومەنێکی سەربەخۆیە کەپێك دێت لە شارەزالەبوارەکانی(یاسا. هەڵبژاردن. ئامار. ئابووری) و پێویستە ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە سەربەخۆ بن لەپارتەکان و

رەوتە سیاسیەکان. هەروەها پێویستە کار لەهیچ پلەیەکی حکومیدا نەکەن لەماوەی ئەندامێتییان لەئەنجوومەنەکەدا. ئەم ئەنجوومەنە لیژنە لاوەکییەکان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکات, وە لێکۆڵینەوە دەکەن لەهەر ناکۆکییەك کە لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا روو دەدات و چاودێری کاروباری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن و, ئەنجامەکان ڕادەگەیەنن و یاسای هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن, بەپێی یاساش ئەو کەسانە دیاری دەکەن کەمافی خۆپالاوتنیان هەیە. ئەم کۆمسیۆنە لەعێراقدا بەچاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك هاتووە, کە لە ٩ئەندام پێك دێت و حەوتیان شارەزایانی عێراقین کە مافی دەنگدانیان هەیە, لەکۆمسیۆنەکەدا دوانەکەی تریش یەکێکیان بەڕێوەبەری گشتی کۆمسیۆنەکەیەو ئەوی تریان شارەزای‌یەکی نێودەوڵەتی‌یە لەهەڵبژاردنداو مافی دەنگدانیان نی‌یە لەکۆمسیۆنەکەدا.

ئەم کۆمسیۆنە. دەسەلاتێکی فراوانی هەیە لەدەرکردنی بڕیاری تایبەت بەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی, بڕیارەکان لەم کۆمسیۆنەدا بە زۆرینەی دەنگی حەوت ئەندامە عێراقی‌یەکە لەئەنجوومەنەکەدا دەردەکرێت.

٢-ئامار/ مەبەست لەئامار بریتی‌یە لە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سەرژمێری‌کردنی گشتگیری هەموو دانیشتوان بۆ دیاری کردنی ژمارەیان و بەئاگابوون لەپلەکانی تەمەن و دیاری کردنی ڕێژەی تەمەن. ئامار بەهەنگاوی

یەکەم دادەنرێت لەهەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا, چونکە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئامارەکە ئەو کەسانە دیاری دەکرێت کە مافی بەشداریکردنیان هەیە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا, ئەویش بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەهەر فرۆفێڵو ساختەکارییەك, وەك دەنگدان بەناوێکی خوازراوەوە. لەعێراقدا وەزارەتی نەخشەدانان دەستی کردووە بەبەرنامەی ئاماری دانیشتوان لەهەموو پارێزگاکانداو واچاوەڕوان دەکرێت پرۆسەی ئامارەکەدا لەکانونی دووەمی ٢٠٠٤دا تەواو ببێت.

٣-ئامادەکردنی کادێرو فەرمانبەران: ناتوانرێ هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە بکرێ بەبێ ئامادەکردنی کادێرو فەرمانبەران بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن, ئەویش لەڕێگەی دیاریکردنی ئەو فەرمانبەرانەوە کەناسراون بەئەمانەتو دەست پاکیو دواتر رابهێنرێن لەلایەن شارەزایانەوە بۆ دەستەبەر کردنی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

٤-دیاریکردنی سیستەمی هەڵبژاردن: پێویستە یاسای هەڵبژاردن سیستەمی یاسایی بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات. لەسەر بنەمای ئەم سیستەمە پاڵێوراوەکان قبوڵ دەکرێنو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە یەکلایی دەکرێتەوە. سیستەمی هەڵبژاردن یاخود سیستەمێکی رێژەییە کە تیایدا پشت بە رێژەیەکی دیاریکراو لەدەنگەکان دەبەستێت, یاخود سیستەمێکی زۆرینەیە کەتیایدا براوە ئەو کەسەیە کەرێژەی زۆرینەکە (زۆرینەی سادە یان رەها)

بەدەست دێنێت لەهەڵبژاردنەکەدا . لەعێراقدا یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩٦ کەلە ٢٠٠٤/٦/٧ دەرچووە, سیستمی رێژەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دیاری کردووە , بە پێی ئەم سیستمە ژمارەی دانیشتوانی عێراق دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کە(٢٧٥) کورسی یە, ئەنجامی ئەم دابەش کردنە بریتی یە لە ژمارەی پێویست بۆبەدەست هێنانی کورسیەك لە ئەنجومەندا , وە بە پیێ ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت پێویستە لە ٢٥٪ کورسی یەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق تەرخاندەکرێت بۆ ژنان , بەمەش ژمارەی ئەو کورسیانەی کەدەدرێت بە ژنان بەلایەنی کەمەوە (٦٩) کورسی‌یە.

یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩٦ دیاری کردووە کەدەبێ لەنێوان سێ پاڵێوراودا یەکێکیان ژن بێت لەهەر لیستێکی هەڵبژاردندا, هەروەها پێویستە لەنێوان شەش پاڵێوراو لەلیستەکەدا بەلایەنی کەمەوە ناوی دوو ژن هەبێ و بەم جۆرە, ئەمەیش دەستەبەری بەشداریی ژنان دەکات لەناوەندەکانی بڕیاردا.

یەکێك لە گرنگیەکانی تری ئەم یاسایە ئەوەیە کە میکانیزمێکی وای داناوە کە سەبەخۆیی ئەندام پەرلەمان دەپارێزێت لە بریارەکانیدا ئەمەش بەوەی کە حیزبەکان ناچار دەکات کە لیستی پاڵیواروان لەسەر بنەمای ریزبەندی دابنێن، بەواتایەکی تر حیزبەکان بۆیان نی‌یە گۆرانکاری لەریزبەندی ناوی پاڵێوراوانی لیستەکانیاندا بکەن . بۆ نمونە ئەگەر حیزبێك ١٠٠ پاڵیوراوی هەبوو لە لیستەکەیدا وەتەنها ٢٠ کورسی لەهەڵبژاردندا بەدەست هێنا ، لەم

کاتەدا حیزب بۆی نییە لەو ١٠٠ کەسە بەئارەزوی خۆی ٢٠ کەس هەڵبژێرێت بەڵکو کورسیەکان دەدرێت بەو ٢٠ کەسەی کەلەسەرەتای لیستەکەدا هاتوون .بەمەش لەلایەك سەربەخۆیەتی ئەندام پەرلەمانەکان لەحیزبەکان دەپارێزرێت وە لەلایەکی تر کارئاسانی بۆ هاوولآتیان دەکات بەوەی کە بتوانن بە ئاسانی دەنگ بدەن بەو لیستەی کەدەیانەوێت لەسەر بنەمای گرنگی بوونی ئەو پاڵێواراوانەی لەسەرەتای لیستەکەدان .دەبێت دەنگ دەر بزانێت کاتێك ئەو لیستێك هەڵدەبژێرێت لەبەر ئەوەی کە کەسێك یان کەسانێك لەلیستەکەدا هاتوون وە لیستەکە ژمارەیەکی زۆر ناوی لەخۆ گرتووە وە ئەو ناوانەی کە وای لەئەو کردووە کە لیستەکە هەڵبژێرێت ناویان لە کۆتایی لیستەکەدایە ، ئەم بریارە لەرووی ئامانجەوە هەڵەیە لەبەرئەوەی کە ئەگەر ئەو لیستەش چەند کورسی‌یەك وەرگرێت بەر کەسانی کۆتایی لیست ناکەوێت ئەمە لەو لیستانەی کە ژمارەیەکی زۆر پاڵێوراوی تێدایە.

٥-راگەیاندن‌و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن/ لەپرۆسەی هەڵبژاردندا پێویستە هەموو پاڵێوراوێك‌و پارتە سیاسی‌یەکان بواریان هەبێ بۆ راگەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کارەکانیان‌و پرۆژەکانیان بەشێوەیەکی گونجاو و بەبێ سوکایەتی کردن بەپاڵێوراوەکانی تر, بۆئەوەی دەنگدەر بەئاگابێت لە خواست‌و سیاسەتی پاڵێوراوەکان.وە پێویستە هەموو بەربەستێك لەبەرانبەر بەکارهێنانی هۆکانی راگەیاندن بۆ پاڵێوراوان نەهێڵرێت لەسەر بنەمای بێ

لایەنی بەدەر لەهەموو پەیوەست بوونێکی سیاسیو ئایدیۆلۆژی بۆ هەموو پاڵێوراوەکان.

٦-لیستی ناوی دەنگدەران/ پێویستە لەسەر لیژنەی سەرپەرشی هەڵبژاردن لیستی ناوی دەنگدەران لەهەموو ناوەندێکی هەڵبژاردندا هەڵبواسێت پێش وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەچەند رۆژێك, بۆ ئەوەی دەنگدەران بتوانن ناوەکانیان بدۆزنەوە,وە پێویستە یاسای هەڵبژاردن چارەسەری چۆنیەتی زیادکردنی ناوی دەنگدەرێك بکات بۆ لیستەکە. ئەگەر ناوی لەلیستی دەنگدەراندا نەبوو.

٧-چاودێریکردنی هەڵبژاردن/ پێویستە لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن چەند پێوەرێك دابنێت بەپێی ئەوە بوار بدات بەچاودێرە ناوخۆییو بیانییەکانو راگەیاندنەکانو نوێنەری دیاریکراوی پارتە سیاسییەکان, تابچنە ناوەندەکانی هەڵبژاردنەوە بۆ دەستەبەر کردنی پاکی هەڵبژاردنەکەو شەفافیەت لەپرۆسەکەدا.

٨-مافی دەنگدان/یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی هەڵبژاردنە کەتیایدا دەنگدەر دەنگ دەدات بەو پاڵێوراوەی کە دەیەوێت. دەنگدان بنەمایەکی گرنگە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەدا, پێویستە لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن چەند پێوەرێك دیاری بکات بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی مافی

دەنگدانیان هەیەو, وەرونکردنەوەی ئەو مەرجانەی کە کەسێك بێبەش ئەکات لەمافی خۆپاڵاوتنو پێویستە ئەو مەرجانەیش دیاری بکات کە مافی خۆپالاوتن لەیەکێك لە پاڵێوراوەکان دەسەنێتەوە. لەیاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩٦دا هاتووە کەهەر کەسێك لە١٩٨٦/١٢/٣١دا لەدایك بونو ئەوانەی پێش ئەو مێژووەش مافی دەنگدانیان هەیە.

٩-پەروەردەی مەدەنی دەنگدەر/ پێویستە حکومەت دەنگدەر ئاگادار بکاتەوە لەو زانیاریانەی پەیوەندییان هەیە بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە لەرووی کاتو شوێنی هەڵبژاردنو پاڵێوراوانو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رۆشنبیرکردنی دەنگدەر پێش پرۆسەکە. هەروەها پێویستە لەسەر دەزگاکانی بەرێوەبردنی پرۆسەکە زانیاری پێویست لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە کەپەیوەندی هەیە بەپاڵێوراوانو پارتە سیاسیەکان بدەن بەدەنگدەرانس.

١٠-دەنگدانی نهێنی/ پێویستە لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن کە یاساو رێنمایی پێویست دابنێ بۆ دەستەبەر کردنی نهێنی پرۆسەکە.ئەمەش پێویستی بەپێکهێنانی میکانیزمێکە لە پرۆسەکەدا لەرووی رێکخستنی لیستی تایبەت بەدەنگدانەکەو دانانی شوێنی تایبەت بۆ دەنگدان بەجۆرێك دەستەبەری نهێنی دەنگدانەکە بکات.

١١- چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی هەڵبژاردن كەبەرگریكردن لەمافەكانی هەڵبژاردن رەگەزێكی بنەڕەتییە لەهەڵبژاردنی دیموكراسیدا, لەبەرئەوە پێویستە چەند میكانیزمێك هەبێ لەیاسای هەڵبژاردندا بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی لەكاتی ئەنجامدانی پرۆسەكەدا سەرهەڵئەدەن, هەروەها بەرگریكردن لە مافەكانی دەنگدەران لەڕێگەی دانانی یاساو رێنمایی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە، پێویستی بە بوونی دادگایەكی تایبەت بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكانی نێوان ئەنجوومەنو دەستەكانی تر, بۆ نموونە: ئەگەر ئەنجوومەن بڕیاری قبوڵ نەكردنی پارتێكی دیاری كراو یان كەسێكی دیاری كراو وەك پاڵێوراو لەهەڵبژاردنەكەدا دەركرد. زەرەرمەند دەتوانێ لەبەردەم دەستەی دادوەری دیاری كراودا ناڕەزایی دەرببڕێ بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكەو بڕیاری دەستە دادوەرییەكەیش دوابڕیارە.

١٢-بوونی فرەلایەنی سیاسیو كۆمەڵایەتی/ بوونی فرەلایەنی مانای بوونی گفتوگۆی ئازادو گیانی لێخۆشبوونە, بەمەش كێبەركێیەكی رەوا دروست دەبێت لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵات, لێرەیشەوە كاركردن لەسەر چاككردنی ژیانی كۆمەڵگا بەدی دێتو هەموو كێشەكان لەڕێگەی گفتوگۆو قایلكردنی بەرامبەرەوە دەكرێت نەك لەڕێگەی سیاسەتی سەركوتكەرانەوە.

١٣-دیموکراتیەتی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی/ کارکردن لەسەر بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا پایەیەکی گرنگەو یەکێکە لەڕێگاکان بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەو دەستەبەر کردنی بێ خەوشی پرۆسەکە, بەبوونی دیموکراتیەتو مەدەنیەت لەکۆمەڵگادا دەتوانرێت هەموو فشارێکی سیاسی لەهەڵبژاردندا نەهێڵرێتو رازی بوون بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکە لەسەر بنەمای قبوڵ کردنی بەرامبەر دروست بێت چونکە هەڵبژاردن ئەگەر لەسەر بنەمایەکی دروست بچێت ئەوە دەشێت ئەوەی ئەمڕۆ کەمینەیە لەهەڵبژاردنێکی تردا ببێتە زۆرینە وە بەوشێوەیە, لێرەشەوە چاودێری کردن بەسەر کارەکانی حکومەتو پەرلەمانو شارەوانیو دەزگا هەڵبژێرراوەکانی تر دروست دەبێو بەم رێگەیەیش کارەکانی دامو دەزگاکان نوێ دەبێتەوەو هەموو بڕیارەکانی لەژێر چاودێری گشتیدا دەبێت.

١٤-ئاگادارکردنو گشتاندن/ بۆ ئەوەی ناوچە دوورەدەستەکان کە ئامرازەکانی راگەیاندنیان ناگاتێ بەئاگابن لە هەڵبژاردن لەسەر ئەنجوومەنی سەرپەرشتیار پێویستە کار لەسەر گەیاندنی زانیاری پێویست بکات لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە, لەڕێگای وێنەو بڵاوکراوە و میدیا یان لەڕێگای لیژنەی تایبەتو رێکخراوەکانەوە.

١٥-پاراستنی بارودۆخی ئاسایش بۆ ناوەندەكانی هەڵبژاردن/ پێویستە لەسەر دەوڵەت كە هەڵبژاردن ئەنجام دەدات, بارودۆخ و كەشی ئەمنی بۆ هەڵبژاردنەكە بسازێنێ, ئەویش لەڕێگەی پارێزگاری كردنی ناوەندەكانی هەڵبژاردن لە هەر كردەوەیەكی تیرۆریستی و پارێزگاری كردنی لەهەر كارێك كەئەبێتە هۆی شێواندنی پرۆسەكە.

١٦-راگەیاندنی ئەنجامەكان و روون و ئاشكرایی پرۆسەكە/ پاش پرۆسەی جیاكردنەوەی دەنگەكان براوە دیاری دەكرێت و, پێویستە ئەم ئەنجامە بۆ هەموان رابگەیەنرێت لەڕێگەی هۆكارەكانی راگەیاندنەوە. لەڕەگەزە گرنگەكانی هەڵبژاردنیش بوونی شەفافیەتی پرۆسەكەیە لەهەموو قۆناغەكاندا وەك (چۆنیەتی قبوڵكردنی پاڵێوراو, ئەو برە پارەیەی كەدەوڵەت دەیبەخشێ بە پاڵێوراوان, جیاكردنەوەی دەنگەكان, راگەیاندنی ئەنجامەكان).



